**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢١**
**مێژووی بڕیار: ٤/ ١٠/ ١٩٩٢**
**١٢/ ڕەزبەر/ ٢٦٩٢ک**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمی بڕگە/ ١ی مادده/ ٥٦ی یاسای ژمارە/ ١ی ساڵی/ ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٣/ ١٠/ ١٩٩٢ ئەمەی بڕیاردا:

یەکەم: ناردنە دەرەوەی هەموو جۆرە مەکینەو خودڕۆو گشت جیهازە وردیلەو پزیشکییەکان و یەدەگ و تەواو کەرەکانیان وداوو دەرمان ومەوادی بنیات نان وکارەبایی، تەئسیساتی صحی ومەڕوماڵات بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق قەدەغە ئەکرێت. لە حاڵەتی بە قاچاغ بردنیشیدا دەستی بەسەردا دەگیرێ.

دووەم : ئەو ماڵەی دەستی بەسەردا گیراوە، بە مەزادی ئاشکرا دەفرۆشرێ و سێ لەسەرچواری نرخەکەی دەخرێتە خەزێنەوەو ئەوی تریش بە سەر ئەندامانی ئەو مەفرەزەیەی گرتوویەتی دابەش دەکرێ.

سێیەم:
(أ) شوفێری واستیەی نەقلەکەیان گوێزەرەوەی ماڵەکە بە پارەیەک جەزا دەدرێ کە لە دوو هەزار دینار کەمتر نەبێ ولە دەهەزاریش زیاتر نەبێ.
ب) واسیتەی گواستنەوەکە دەستی بەسەردا دەگیرێ ئەگەر خاوەنەکەی لە بردنی قاچاغەکە ئاگادار بوو.

چوارەم: ئەگەر جەزا دراوەکە جەزاکەی نەدا، حوکمی مادده/ ٢٥٧ی یاسای گومرگی ژمارە(٢٣)ی ساڵی / ١٩٦٩ی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو سزایانەی کەلە یاسای سەرەوەدا هاتوون سەبارەت بەو حاڵەتانەی لەم بڕیاردا نەهاتووە.

پێنجەم: کار بە هیچ یاسایەک ناکرێ، پێچەوانەی حوکمی ئەم بڕیارە بێ.

شەشەم: بۆ ئاسانی پیادەکردنی ئەم بڕیارە، دەسەڵات بەوەزیری ناوخۆ دەدرێ، سەرپێچی کەران بۆ ماوەیەک کەلە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ حجز بکا بۆشی هەیە ئەم دەسەڵاتە بە سەرۆک وەحدە ئیدارییەکان بدا.

حەوتەم: دادگاکانی (جنح) لە هەرێمدا دەسەڵاتی بینینی ئەو مەسەلانەی هەیە کەلە ئاکامی پیادەکردنی ئەم بڕیارەدا دێنە ئاراوە. تا ئەو کاتەی دادگاکانی گومرگ پێک دەهێنرێن.

هەشتەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی پەسەندکردن ودەرچوونیەوە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە جێ بەجێ دەکرێ.

نۆیەم: دەبێ وەزیرە پەیوەندداره‌کان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.
دەیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (ڕەسمی)دا بلاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**